# مێژووی نازناو و نازناوە فەرمییەکانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانیدا

فاخر عالی خان ئاودەلی(*)
(زانکۆی سۆران - فاکەڵتی ئاداب)

یەکێک لە ئادگارەکانی ناسینەوە و ناودار بوونی کەسەکان، هەبوونی ناو و نازناو، یان پلەوپایەکانیەتی، زۆر ناو و نازناو هەن بەبێ زانینی مانا و مێژووی بەکارهێنان، ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەون، هەندێ لەو نازناوانە بەبێ زانینی مانا و هەبوونی پاشخانێکی مێژوویی دەسەڵاتداری و ناوداری، وەک ناوی ناسینەوە لە منداڵەکان نراون، لەو بارەیەوە زۆر منداڵ هەن بە ناوی (ئاغا و شێخ)ـەوە، کراون و دواتریش بوونەتە نازناو و ناسنامەی کەسەکان، ئەو جۆرە ناو لێنانە شێوەیەکی ئاسایی وەردەگرێت و نازناوەکان تەنیا لە ڕووی ناسینی کەسەکان سەیر دەکرێن، بۆیە مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەم بابەتە باسکردنی تەنیا ئەو نازناوانەیە کە بە شێوەیەکی فەرمی لە دەوڵەتی عوسمانی بەخشراون و بە فەرمیش بەکارهێنراون.

بە شێوەیەکی سروشتی هەموو مرۆیەک لەگەڵ ناوەکەیدا تەمەن بەڕێ دەکات و گەورە دەبێت، هەندێ جاری وا دەبێت ڕۆڵ و ناوی کەسایەتییەک پاڵپشت بە لێهاتوویی خۆی، دەبێتە نازناو و پاشخانی بنەماڵەیەک، لەو ڕوانگەیەوە ئەندامانی بنەماڵەکە نەک تەنیا لە نێو دۆست و شار و ناوچەکەی، بەڵکو لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیشیدا ناودێر دەبێت، بەم شێوەیە کەسایەتییەکان دەبنە هەڵگری ناوێکی مەعنەوی و کاریگەری خۆیان لە نێو ڕووداوەکاندا دیاری دەکەن، جۆرێکی دیکەی ناو و نازناوەکان ناوی پیشەیین، لە ئەنجامی فێربوون و بەردەوامبوون لەسەر پیشەیەک، کەسەکان ناودێر دەبن و پیشەکان دەبنە پاشخان و ناسنامەی کەسایەتییەکان، پیشەی وا هەیە لە چوارچێوەی پرۆسەی خوێندنەوە پێی دەگات، وەک: مامۆستا، دوکتۆر، ئەندازیار و... تاد،

هەروەها چەند پیشەیەکی دیکەی ئاواش هەیە لە ڕێگەی کاری دەستییەوە فێری دەبێت و پێی دەگات، ئەوانیش وەک: پیشەی کوورەچی، نانەواچی، چایەچی و... تاد. هەر یەکێک لەو کار و پیشانە بۆی هەبووە کاری تایبەتی و ژیانی خۆی بکات، یان تێکەڵ بە کاری فەرمی دەوڵەت ببێ و وەک فەرمانبەرێکی ئاسایی لە کاری فەرمانبەری دەوڵەت خزمەت بکات.

جیاواز لە هەموو ئەو ناو و نازناوانەی کە باس کران، چەند ناو و نازناوێکی دیکەی تایبەت هەن، ئەو نازناوانە لە یەک کاتدا هەم نازناوی فەرمی دەوڵەت بوونە، هەمیش خانەوادەیی، واتە جاری وا هەبووە کەسایەتییەکان بە وەرگرتنی نازناوەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناویان دەرکردووە، جاری واش هەبووە، نازناوەکان بە شێوەیەکی میراتگری بۆ ئەندامانی بنەماڵەکە ماونەتەوە و نازناوەکەیان وەرگرتووە، هەرچۆنێ بێت دەوڵەتی عوسمانی وەک ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی چەند سەدەیی، خاوەنی دەیان نازناوی فەرمی و نافەرمی بووە، ئەو نازناوە فەرمییانە لەسەر بنەمای پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی دەوڵەت، تایبەت بە شوێن و جوگرافیای ولایەتەکان بە کەسایەتی و خاوخێزانەکان بەخشراون، بۆ نموونە: نازناوی ولایەتەکانی باکووری ئەفریقیا لە ولایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی جیاواز بووە، لە ولایەتەکانی باکووری ئەفریقیا وەک (جەزائیر، توونس و میسر) نازناوەکانی (دای و خدێوی)یان پێ گوتراوە، ئەم نازناوە تایبەت بووە بە ولایەتەکانی ناوبراو و لە هیچ ولایەتێکی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەکار نەهێنراوە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێ ئەو نازناوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەخشراون، لە ولایەتەکانی باکووری ئەفریقیا بەدی دەکرێن و بە چەندان کەسایەتی و بنەماڵەکان بەخشراون، هەروەها نازناوی (خان)یش کە وەک نازناوێکی دیکە لە ناوچە کوردییەکانیش بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە ناوچەکانی قەفقاس و ناوچەی قرمیشدا بە کارهاتووە و بە حوکمدارەکانی ئەوێ گوتراوە خان، بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ناو و نازناوانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەخشراون، چەند ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازی لە دواوە بووە، بە ڕەچاوکردنی ئەم لایەنانە، نازناوەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەخشراون.

مێژووی دەرکەوتنی زۆربەی نازناوەکان بۆ دوای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێنەوە، بۆیە ئەوەی لە مێژووی کورد دا تێبینی دەکرێ، هەموو ئەو نازناوانەی کە کەسایەتییەکانی کورد پێیەوە ناسراون، لە لایەن حوکمدارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا پێیان بەخشراوە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هەردوو سەرچاوەی شەرەفخان و ئەمین زەکی بەگ، کە لە مێژووی کورد دا بە سەرچاوەی ڕەسەنی مێژووی کورد دادەنرێن، تێبینی ئەوە دەکرێ کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی ئەو نازناوانەی کە لە دەوڵەتی ناوبراودا بەکار هاتوون، لە مێژووی کوردەکاندا بەدی ناکرێن، لەبەر ئەوە دەکرێ زۆربەی ئەو نازناو و پایە فەرمی و نافەرمییانەی کە لە مێژووی کورداندا بەرچاو دەکەون، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە کەسایەتییەکانی کورد بەخشراون.

بەم شێوەیە مێژووی دەرکەوتنی نازناوەکانی کورد پەیوەستە بە دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی، لە چوارچێوەی ئەو نازناو وەرگرتنەدا کار و فرمانەکانی دەوڵەتی ناوبراویان جێبەجێ کردووە. لە دیارترین ئەو نازناوانەی کە بە کوردان دراوە و بوونەتە خاوەنی نازناوەکانی (پاشا، میر، میرزا، ئاغا، چەلەبی، چاوش، بەگ، ئەفەندی، شێخ)، هەر یەکێک لەم نازناوانە لە مێژووی کورد دا پێگە و پایەکی تایبەتیان هەبووە، مێژووی هەر یەکێکیان تایبەتە بە بارودۆخ و سەردەمی سوڵتانێکەوە، بۆ پشتڕاست کردنەوەی مێژووی ئەم نازناوانە لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتریان بۆ دەکەین.

- **پاشا:** زۆرجار لە پاڵ ئەم نازناوەدا نازناوی (پادشا)ش بەکاردەهێنرێت، بۆیە جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو نازناوەدا هەیە، پایەی (پادشا) لە بەرزترین پلەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە و تەنیا بۆ سوڵتانەکان بەکارهێنراوە، بەڵام نازناوی (پاشا) بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پلەدار و فەرماندداری دەوڵەت بوونە، بە شێوەیەکی گشتی بە پێی فەرهەنگەکانی زمانی عوسمانی، ڕەگی وشە و نازناوی (پاشا) دیارنەکراوە و نازانرێ ڕەگی ناوەکە لە چ زمانێکەوە هاتووە، لەو بارەیەوە چەند بۆچوونێک لە نێوان زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبیدا هەیە، زۆربەی ئەو بۆچوونانەش لە لایەن شارەزایانی زمانی

تورکییەوە کراوە، هەرچۆنێک بێت نازناوی (پاشا) وەکو پایەکانی فەرمانداری بۆ پلەکانی میر، لیوا، پلە بەرزەکانی سەربازی و شارستانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەکارهێنراوە.

- **میر:** بۆ سەرۆک و فەرماندارەکان بەکارهێنراوە، ڕەگی وشەکە لە هەندێ سەرچاوە بۆ زمانی فارسی دەگەڕێنەوە، لە هەندێ سەرچاوەی دیکەشدا بۆ وشەی (امیر)ی زمانی عەرەبی دەیگەڕێنەوە، هەرچۆنێک بێت نازناوەکە لە دەوڵەتی عوسمانی بەخشراوەتە ئەو کەسانەی کە خاوەن دەسەڵات و حوکمڕانی ناوچەیەک بوونە، لەو چوارچێوەیەشدا چەندان کەسایەتی کورد نازناوی میریان وەرگرتووە و میرنشینەکانیان بەڕێوەبردووە.

- **میرزا:** بۆ کوڕی "میرەکان" بەکارهاتووە، یەکێک بووە لە نازناوە تایبەتەکانی ئێران.

- **خان:** ئەم نازناوە بەو کەسانە گوتراوە کە لە هەرێمەکانی ناوچەی "قرم"(١) کاربەدەست و دەسەڵاتدار بوونە، سوڵتان سەلیمی دووەم (١٥٦٦ - ١٥٧٤)، نازناوەکەی داوەتە ئیبراهیمی کوڕەزاکەی خۆی.

- **ئاغا:** پلەیەکی فەرمانداری بووە، لە ئۆردوگاکانی "یەنی چەری"(٢)یدا بەکارهاتووە، هەروەها بەو کەسانەش گوتراوە کەوا پاراستن و پارێزگاری کچەکانی سەرایان لە ئەستۆ دابووە.

- **"بەگ"(٣) و ئەفەندی:** لە سەرەتادا نازناوی "ئەفەندی"یش هەمان مانای هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەهای دیاریکراو و ڕاستەقینەی خۆی لە دەست داوە، بە هەمان شێوەی زمانی ئینگلیزی، لە بەرانبەر وشەی "بەڕێز - Mss"دا بەکار هێنراوە، بەم شێوەیە هەردوو وشەی (بەگ و ئەفەندی) مانای فەرمی دەوڵەتیان لە دەستداوە و وەکو ڕێزگرتنی کەسەکان بەکار دەهێنرێت.

- **چەلەبی:** گەورە نازناوێکی "بەڕێزە"، بە مانای "گەنجێکی شۆخوشەنگ" بەکارهاتووە، سوڵتان محەمەدی یەکەم (١٤١٣ - ١٤٢١)، نازناوەکەی بەخشیوە و تاکو سەردەمی سوڵتان محەمەدی دووەم، یان سوڵتان محەمەد فاتیح (١٤٥١ - ١٤٨١)، بەکارهێنراوە، بەو کەسانە گوتراوە کە کوڕی پاشاکان بوونە، هەروەها نازناوی "سوڵتان چەلەبی"یش، هەمان مانای هەبووە، هەتاکو ساڵی (١٥٩٤) بەکارهاتووە، بۆ کوڕی والی سەنجەق و کوڕی پاشاکان بەکارهێنراوە.

- **موختار:** پایەکی فەرمی کارگێڕی دەوڵەت بووە، لە هەموو گوند و گەڕەکێک، یان چەند گوند و گەڕەکێکی شاردا موختارێک هەبووە، دوای ئەوەی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨ - ١٨٣٩) کۆتایی بە هێزی ئینکشارییەکان (١٨٢٦) هێنا، بۆ جێگرتنەوە و ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەت، بۆ یەکەم جار و لە ساڵی (١٨٢٩) موختاری بۆ گەڕەکەکانی ئەستەنبوڵ دامەزراندووە، ئەم شێوەی دانانی موختارەکان تاکو ساڵی (١٨٦٤) بەردەوام بووە، لەم ساڵە بە دواوە دامەزراندنی موختارەکان بووەتە دامەزراوەیەکی فەرمی دەوڵەت و بە شێوەیەکی یاسایی و کارگێڕی موختارەکان دامەزرێنراون، بەم جۆرە هەر موختارێک لەو موختارانە کاروبارەکانی دەوڵەتیان ڕایی کردووە، هەروەها لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەوڵەت بۆ کاروباری دامەزراندنی موختارەکان گرتوویەتییەبەر، چەندان کەسایەتی کورد بە ناوونیشانی موختار دامەزرێنراون، لە تەنیشت ناوی خۆیاندا بە نازناوی موختاریش بانگ کراون، زۆرێک لەو کەسایەتییانەش تا دوای وازهێنانیشیان لە پایەی موختاریەتی، بە درێژایی تەمەنیان نازناوی موختاریەتیان پێ گوتراوە.

- **زادە:** بە مانای "کوڕ"ی کەسێک دێت کە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی خودان نازناو و هەڵگری کارێکی پیشەیی پشتاوپشت بووبن، وەکو: شێخ زادە، خان زادە، مەلا زادە...تاد.

- **چاوەش:** پلەیەکی فەرمانبەری سەربازییە، بە مانای سەرکاری سەربازی و هەواڵنێری بە کارهاتووە، بەرپرسی دە سەرباز بووە، بە مانا و پلەی سەربازی ئێستا پێی دەگوترێت "مفەوەز"، واتە پلەیەک کەمتر لە ئەفسەری پلە دوو (ملازم ثانی).

- **شێخ:** ئەم نازناوە وەک پایەکی فەرمی دەوڵەت چەندان کەسایەتی بۆ دیاری کراوە، لە دیارترینیان نازناوەکانی: شێخی وەزیران، شێخی حەرەم و شێخولئیسلام بووە، پایەی شێخی وەزیران بەو کەسە گوتراوە کە لە هەموویان گەورەتر بووە، شێخی حەرەمیش ئەو کەسە بووە کەوا کاری ئامۆژگاریکردنی ئەو فەرمانبەرانە بووە کە لە حەرەمدا کاریان کردووە،

هەروەها پایەی شێخولئیسلامیش بەو کەسانە دراوە کەوا کاروباری دادوەری دەوڵەتیان بەڕێوەبردووە، بۆ یەکەم جار پایەی شێخولئیسلام بە (شێخ ئیدبالی) (١٢٠٦ - ١٣٢٦) بەخشراوە، بۆیە بە یەکەم شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، ئیدبالی مامۆستای سوڵتان (عوسمان)ی یەکەم دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی بووە.

- **سیلاحشۆر:** چەک هەڵگر، گوێزەرەوەی چەک، جەنگاوەری جەنگ، هەڵگری تفەنگ و خزمەتکاری شاهانشاهی.

لە چوارچێوەی ئەو نازناو و پایانەی کە لە سەرەوە باس کران، چەندان کەسایەتی کورد نازناوەکانیان پێ بەخشراوە، یاسای بەخشینی نازناوەکان دوو ڕەهەندییان لەخۆ گرتووە، یەکەمیان لەسەر بنەمای ناودار بوون و دەسەڵاتداری بنەماڵەکان نازناوەکان بەخشراون، بنەمای دووەمی بەخشینی نازناوەکان لەسەر شێوەی خزمەتکردن و دەرکەوتنی کاریزماتیکی کەسایەتییەکان بووە، هەرچەندە هۆکاری یەکەمی بەخشینی نازناوەکان زیاتر بووە لە دووەم، بەڵام هۆکاری دووەمیش لە مێژووی کورد و دەوڵەتی عوسمانیدا بەرچاو دەکەوێت، بەم شێوەیە هەڵگرانی ئەم نازناوانە لە مێژووی کورداندا پێگە و دەسەڵاتێکی تایبەتیان هەبووە و لە ناوچەکانی خۆیاندا لە ژێر دەسەڵاتی نازناوەکەیاندا حوکمداری خەڵک و هەرێمەکانیان کردووە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) قرم" بە زمانی تەتاری بە مانای قەڵا دێت، هەرێمێکە کەوتووەتە سەر دەریای ڕەش و نێوان وڵاتی ڕوسیای فیدراڵی ئێستا و ئۆکرانیا، دوای دروستبوونی دەوڵەتی خانەکانی تەتار (١٤٣٠)، بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی بەشێک کاربەدەست و دانیشتوانی قرم ساڵی (١٤٧٥)، داوای یارمەتییان لە دەوڵەتی عوسمانی کردووە، لەسەر ئەم داوایەی قرمەکان، سوڵتان محەمەد فاتیح (١٤٥١ - ١٤٨١) یارمەتی قرمەکانی دا، بەم شێوەیە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ یەکەم جار چووە هەرێمی قرم و بۆ ماوەی چەند سەدەیەک وەک ولایەتێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ماوەتەوە، هەرێمەکە یەکێک بووە لە ناوچە ستراتیژییەکان، هەر بەم هۆیەوە چەندان شەڕی ناوخۆیی و جەنگی نێودەڵەتی لە ناوچەکە ڕوویان داوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

**M. Akif Kireçci Selim Tezcan, K?r?m'?n K?sa Tarihi, Çeviri: Can Eyüp Çekiç, Ankara, 2015.**

**(٢) یەنی چەرییەکان وەک هێزێکی ڕێکخراو لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی دەوڵەت بە یەکەمین دامەزراوەی سەربازی عوسمانی دادەنرێت، ئەم دامەزراوەیە لە سەدەی پازدەمدا بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەت دامەزرێنراوە.**

**(٣) لە ماوەی حوکمڕانی سوڵتان موڕادی چوارەم (١٦٢٣ - ١٦٤٠)دا، کوردستانی عێراق بەسەر شەش سەنجەقی: (ئەربیل، قەلاچۆلان، کەرکوک، ڕواندز، کۆیسنجەق، هەریر) دابەش کراوە، لە هەر سەنجەقێکدا بەگێک سەرۆکایەتی کردووە، بەگەکە بە شێوەی میراتگری پشتاوپشت، بە ڕەزامەندی و دەسەڵات پێدانی ئەستەنبۆڵ کارەکەی کردووە. (البيرت منتشا شيغلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: هاشم صالح التكريتي، بغداد، ١٩٧٨، ص١٢٢.**


**یەکەم: کتێبەکان**

**أ- بە زمانی عەرەبی**

**- البيرت منتشا شيغلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: هاشم صالح التكريتي، بغداد، ١٩٧٨.**

**أ- بە زمانی تورکی.**

**- M. Akif Kireçci Selim Tezcan, K?r?m'?n K?sa Tarihi, Çeviri: Can Eyüp Çekiç, Ankara, 2015.**

**- ?emseddin Sami, Kamus Türki, Birinci Bask?, Ankara, 2010.**

**دووەم: پێگەی ئەلیکترۆنی ئینتەرنێت.**

**-http://gida.ibb.istanbul/muhtarliklar-mudurlugu/muhtarlik-tarihcesi**

**- https://www.estanbul.com**

**- https://www.ihvanforum.org**

**- https://www.yeniakit.com.tr**

**- http://www.tarihiolaylar.com/tarihi-olaylar/yeniceriler**



*** قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەکاریا / تورکیا**